لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا با هەمیشە ڕاستی‌و زمانی گوڵ‌و دڵسۆزی نوێ بکەینەوە

www.zanayan.org

پەیامی زانایان

الرسالة

پەیام کۆن نابێت

لەکۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە لە ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٩ ئەنجام درا، بڕیار درا کە ناوی ڕۆژنامەی (پەیام) بگۆڕدرێت بە (پەیامی زانایان)، بۆیە لە ژمارە (٧٠)ی ڕۆژنامەکەماندا هەڵستاین بە گۆڕینی ناوەکەو جێبەجێ کردنی بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، بۆ ئاگاداری زانایانی بەڕێزو خوێنەرانی ئازیز.

ڕاگەیاندنی

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٧٠) یەك شەممە ٢١ی جەمادی یەکەم / ١٤٣٢ ٤ی گوڵانی ٢٧١١ ٢٠١١/٤/٢٤

لەسەر بارودۆخی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان یەکێتی زانایان پەیامێك ئاراستەی زانایانی ئایینی دەکات

لەبەلاغێکیدا: ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان داوای دانووستان‌و گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دەکات

ڕۆژی (٢٠١١/٤/١٣) ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، لەکۆبوونەوەکەدا تیشك خرایە سەر ڕەوشی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەهێورکردنەوەو، پاراستنی ئاسایش‌و ئارامی هەرێمی کوردستان‌و، قولکردنەوەی گیانی ئاشتی‌و خۆشەویستی‌و، هەروەها پشتیوانی خۆشیان بۆ پەیامی ڕۆژی (٢٠١١/٤/١٠)ی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی‌و، سوپاسی هەموو لایەنە سیاسییەکانیان کرد، کە هەموویان پێشوازییان لێیان کردووە، داوایان لە هەموو لایەك کرد، بەمتمانەو بڕواپێکبوونەوە لەگەڵ بکەونەوە گفتوگۆ، بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە، هەروەها ژیان‌و گوزەرانی مامۆستایانی ئایینیش هاتە بەرباسکردن، کە تێیدا داوا کرا ئەو کۆمەڵە داواکارییانەی یەکێتی زانایان پێشکەکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، جارێکی دیکە جەغتیان لەسەر کرایەوە، بۆ ئەوەی ژیان‌و گوزەرانی مامۆستایانی ئایینیش بەرەو باشی بچێت. هەروەها ئەنجومەن جارێکی دیکە جەغتی کردەوە لەسەر پارێزگاریکردن لەزانایانی ئایینی.

دەقی بەلاغەکە لە ل٤ بخوێنەوە..

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ژمارەیەك مامۆستاو زانایانی ئایینی ئیسلام لە پارێزگای سلێمانی دەکات

ڕۆژی دووشەممە ٢٠١١/٤/١١ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەلاحەدین پێشوازیکرد لەژمارەیەك مامۆستاو زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەپارێزگای سلێمانی.

لەدیدارێکدا مامۆستاو زانایانی ئامادەبوو کارو چالاکییەکانی مامۆستاو زانایانی پارێزگای سلێمانیان خستەڕوو لەهێورکردنەوەی ڕەوشی ئەم دواییەی پارێزگای سلێمانی‌و کۆڕو کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان‌و خۆپێشاندەرانی سلێمانی بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو بارە.

سەبارەت بەداواکارییەکانی خۆپێشاندەرانیش ئەو پۆلە مامۆستایانە تەئکیدیان لەوەکردەوە کە داواکاری ڕەوان، بەڵام دەبێ بەشێوەیەکی مەدەنیانەو دوور لە توندوتیژی بخرێنەڕوو.

پاشان سەرۆك بارزانی لەوتەیەکدا، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بەو دیدارە ڕایگەیاند کە قسەکانی ئێوە بۆ من جێی حورمەت‌و ڕێزە، مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەدرك کردن بە ئەرکە ئایینی‌و نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانیان‌و هەردەم ئایین‌و نیشتمانیان بە یەك گرێداوە، بۆیە ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانیانە ڕۆڵی ئایینی‌و نیشتمانی خۆیان ببینن‌و ئاراستەی کوردستان بەرەو ئارامی‌و میانڕەوی ببەن‌و منیش لەگەڵ داواکاری ڕەوای خەڵکم‌و هەقی خۆشیانە داوای چاکسازی بکەن، لەدیدارێکمدا لەگەڵ سەرۆك‌و سەرۆك فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی داوایان لێکردم نوێنەری خۆم بۆ بەردەرکی سەرا بنێرم‌و گوێ لەداواکاری خۆپێشاندەران بگرم، من ئەو کات ئامادەیی خۆم نیشانداو فیعلەن نوێنەرانی خۆم نارد، بەڵام ئەوان چەند مەرجێکیان دانا کە ئەمەیش وایکرد کارەکە بە ئەنجام نەگات.

بۆ ل١١

مامۆستایانی ئایینی لە شێوازی ژن مارکردندا نیگەرانن........ل»٦

لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بەبۆچونێکی لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان دەکات

مەریوان نەقشبەندی- ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف: لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەبارودۆخی ژنان‌و ئافرەتان‌و مافەکانیان ەهەرێمی کوردستان کردووەو تیایدا هاتووە کە خەتەنەکردنی مێینە لەهەرێمی کوردستاندا قەدەغە نییە، ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١٠ تیشکی خستۆتە سەر ڕەوشی ژنان‌و ئافرەتان‌و مافەکانیان‌و ئاستی توندوتیژی دژی مێینەو تیایدا ئاماژە بە هەوڵی هەندێك لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لەهەرێمی کوردستان دەکات‌و باسی لە بۆچوونی لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کردووە کە لە ٦ی تەموزی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت خەتەنەکردنی مێینە نەریتێکە لەپێش ئیسلامەوە لەناوچەکەدا هەبووە.

شایانی باسە ساڵانە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی خۆی دەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەسەرجەم وڵاتەکانی جیهاندا بڵاودەکاتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێك قەیرەکچان داوای فرەژنی دەکەن

بەپێی ڕاپۆرتێك، کە لەژمارە (٨٢٤)ی هەفتەنامەی گوڵان بڵاوکراوەتەوە، یەکێك لەبەشداربووانی ڕاپۆرتەکە، کە کچێکی تەمەن گەورەیە، پێی وایە بڕیارەکەی پێشووی پەرلەمان هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی قەیرەییە، بۆیە ناوبراو وای دەبینێ، کە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە قەیرەکچ، لەبەر ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان یاسای فرەژنی دەرکرد، چونکە فرەژنی تاکە ڕێگەچارە بوو بۆ کەمکردنەوەی قەیرەیی لەهەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی کە ئێستا پیاوان ناتوانن ژنی دووەم بهێنن، ئێمەش بووینەتە قەیرەو کەس نامانهێنێت، من داواکارم لەپەرلەمان یاسایەك دەربکات هانی فرەژنی بدات بۆ ئەوەی کە چیتر قەیرەمان نەمێنێت.

وەزارەتی ئەوقاف تەنها ١٥ هەزار دینار دەداتە فەقێیان

لەمیانی بەشداریکردنی لەبەرنامەی حوجرە لەکەناڵی ئاسمانی هەولێر، مامۆستا مەلا ئەحمەد گوندەژۆری، کە خاوەنی ژمارەیەك فەقێیە لەگوندی قەڵانچۆغانی دەشتی هەولێر، ڕەخنەی لەوەزارەتی ئەوقاف گرت، کە هیچ پشتیوانی فەقێیان ناکات، کاتێك مانگانە هەر فەقێیەو تەنها (١٥) هەزار دیناریان دەدەنێ، کە بەشی کرێی تەکسیشیان ناکات، بۆیە داوا دەکات پتر هاوکاریان بکەن، چونکە هاوکاری ئاین‌و ڕەسنبوونە.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

مامۆستایان‌و زانایانی ئایینی بەقەدر:

وەك دەزانن لەماوەی زیاتر لەدوو مانگی ڕابردووی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی‌و دەوروبەری، ژمارەیەك لەمامۆستایانی ئایینی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە، کە هەندێکیان دەستگیر کران‌و، هەڕەشەیان لێکراو، هەندێکیش لەلایەن هەندێك لەخۆپیشاندەرانەوە سووکایەتیان پێکرا.

لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا وەك ئەرکی پیشەیی‌و ئەخلاقی‌و نیشتیمانی، بەبێ ڕەچاوکردنی بۆچوون‌و ئینتیمای سیاسی، دیفاعمان لە مامۆستایانمان کردووە، بەڵێنیش دەدەین لەسەر هەمان ئەرکی خۆمان بەردەوام بین.

بەڵام وەك دیارە لەو چەند ڕۆژەی دواییدا ڕەوشەکە بەرەو ئاقارێکی دژوارو پڕ توندوتیژی ڕۆییشت، کە ژمارەیەك لە هاوڵاتییان‌و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بریندار بوون، ئەمەش وادەکات هەموومان بەشێوازی ئەدای قسەو گوفتارو کردارەکانمان دابچینەوە، بەتایبەتی مامۆستایانی مینبەرو مزگەوت، کە هەمیشە، بەتایبەتیش لەکاتی کەوتنەوەی کوژراوو بریندار لەنێو ماڵی کورددا، ڕۆڵی هێورکردنەوەو ئاشتەوایی‌و سوڵح‌و لێکنزیکبوونەوەیان بینیوە، کەسیش نەیتوانیوە پەنجەی تۆمەت بۆ مامۆستایانی ئایینی درێژ بکات، کە شەڕی کورد بەکوردیان گەرم کردبێت.

جا بۆ ئەوەی مێژووە سپی‌و جوانەکەمان هەر بەگەشاوەیی بمێنێتەوەو، ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆشمان لەچنگ نەچێت، داوا لەمامۆستایانی ئایینی بەڕێز دەکەین:

یەکەم: خۆیان دووربگرن لە هەر شتێك فیتنەو ئاشوب‌و شەڕ دروست بکات، بەمەش خۆیان بپارێزن لەزمانی تەحریزو تەشهیرو هاندان بۆ توندوتیژی، هەر لێرەشەوە سوپاسێکی گەرمی ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەین، کە تاکو ئێستا هەمیشە ڕۆڵی هێورکردنەوەو ئاشتەواییان بینیوە.

دووەم: کەوتنەوەی زانایانی ئاینی بەسەر لایەنێکی دیاریکراو مەترسییەکی ترسناکە بۆ سەر مێژووی ڕابردو و ئاییندەمان، بۆیە نابێت مامۆستای ئایینی بکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆ، پێگەی گشتی خۆی بۆ مەرامی سیاسی تایبەت بەکار بهێنێت.

سێیەم: لەوتارەکانتان بەتایبەتیش ڕۆژانی هەینی، ڕۆڵی ئیسلاح‌و ئاشتەوایی‌و خۆشەویستی‌و نیشتیمانپەروەری ببینن‌و، هەوڵدەن مینبەری مزگەوت بەحیزبی نەکرێت، ڕێگریش لەهەر هەوڵێك بکەن، کە تەبایی‌و برایەتی وڵات تێك بدات‌و، ئاسایشی کوردستان بەرەو مەترسی ببات.

چوارەم: داوا لە هاوڵاتییانی کوردستان بکەن، نەکەونە گرژی‌و بەگژیەکداچوونەوە لەگەڵ پۆلیس بەتایبەتیش پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، کە کاریان پاراستنی گیانی هاوڵاتییانەو، بۆ هاوڵاتییان ڕونبکەنەوە، نانەوەی توندوتیژی‌و شەڕ سیمای جوان‌و شارستانی خۆپیشاندانەکان دەشێوێنێت. بەهەمان شێوە داوا لەپۆلیس بکەن هەمیشە بەگیانی برایانەو دڵسۆزانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکەن.

پێنجەم: لەبەر ئەوەی سوپاس بۆ خوا بێلایەنانە لەیەکەم ڕۆژی ڕووداوەکانەوە ڕۆڵی دڵسۆزانەمان بۆ مامۆستایانی ئایینی بینیوە، داواتان لێدەکەین، لە هەر جۆرە هەنگاوێك ئاگادارمان بکەنەوە، ئەگینا هەڵستان بەکارێك، کە پێچەوانەی یاسا بێت، یان توندوتیژی دروست بکات، توانای پارێزگاریکردن‌و دیفاعکردنمان لاواز دەکات، بەتایبەتی ئەگەر مامۆستا لەچوارچێوەی ڕۆڵی ئاشتەوایی‌و ئیسلاحانەی خۆی چووە دەرەوەو، وەك هەر کەسێکی ئاسایی دوور لەپەیامی پیرۆزی خۆی، هەڵسوکەوت بکات.

شەشەم: مافێکی سروشتی مامۆستایانی ئایینییە، پەنجە لەسەر کەموکورییەکان دابنێن‌و، ڕەخنە لە هەڵەو کەموکورییەکان بگرن‌و، بەهەقگۆیی هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام بەزمانێکی دڵسۆزانەو دوور لەتەحریزو، ئامانج لێی چاککردن بێت.

حەوتەم: داوا لە هەموو لایەك دەکەین بەحزب‌و جەماوەرەوە، ڕێزو حورمەت بۆ مامۆستایانی ئایینی دابنێن‌و، بەهیچ شێوەیەك بێ ڕێزی‌و سوکایەتی بەمامۆستایانی ئایینی نەکەن، چونکە پاراستنی پێگەی مامۆستایانی ئایینی ئەرکێکی مەزنی هەمووانەو، ڕێزگرتنە لەمێژووی پڕ خەبات‌و بەرخۆدانی زانایانی ئایینی، کە هەمیشە بەرژەوەندی خۆیان کردۆتە قوربانی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەیان.

لەکۆتاییدا دووبارە داوا لە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز دەکەین بەردەوام بن لەسەر ڕۆڵی هێورکردنەوەو، با هەنگاوەکان بەرەو زیندووکردنەوەی زمانی گفتوگۆو دیالۆگ‌و لێکنزیکخستنەوەی لایەنەکان بێت، بەمەبەستی هێنانەدی داوا ڕەواکانی جەماوەری کوردستان‌و، پاراستنی ئەمن‌و ئاسایشی هەرێمی کوردستان‌و ئەزموونەکەی.

(إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ).

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠١٠/٤/٢٠



مەلا محمد ئیبراهیم میراودەلی:

سۆزی نیشتیمان پەروەری لە دیدی چەند ئایەتێکی قورئانیدا

ل » 9

مەلا دلشاد گەلاڵی:

بەکار هێنانی مۆبایل لەنێوان سوود وەرگرتن‌و بێزارکردندا

ل » 7



مەلا ئیدریس ژاڵەیی:

قەتلوعامی بەناو ئەنفال برینێکە تەنها بە تەبایی‌و یەکریزی ساڕێژ دەبێت

ل » 5

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی:

ڕاگەیاندنی ئیسلامی ئەرك‌و ئامانج

ل » 3